مەسرور بارزانی پێشوازی لە کونسوڵی نوێی یۆنان لە هەرێمی کوردستان کرد

سەرۆکوەزیران مەسرور بارزانی پێشوازی لە کونسوڵی گشتیی نوێی یۆنان لە هەرێمی کوردستان کرد.

ئەمڕۆ دووشەممە، 11-12-2023، مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە نیکۆلاس ستەریولاس، کونسوڵی گشتیی نوێی یۆنان لە هەرێمی کوردستان کرد.

بە گوێرەی راگەیەندراوێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەرۆکوەزیران پیرەزبایی دەستبەرکابوونی لە کونسوڵی گشتیی یۆنان کرد و هیوای سەرکەوتنی لە ئەرکەکەیدا بە خواست و ئامادەیی حکومەتی هەرێمی کوردستانیشی بە هەر هاوکاری و هەماهەنگییەکی پێویست دەربڕی.

ئەوەش خراوەتەڕوو: "کونسوڵی گشتیی یۆنان، خواستی وڵاتەکەی بە پەرەپێدانی زیاتری پێیوەندییەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستان دووپات کردەوە، بەتایبەتی لە بوارەکانی کولتووری و بازرگانی و کشتوکاڵیدا."